# ڕێورەسمی ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەری و تێکۆشانی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی، بە بەشداری سەدان کەس لە شاری ئۆپسالای سوێد بەڕێوە چوو

## ماڵپەڕی هەڵوێست

بە بەشدارای ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی سەربەخۆ، حیزبە کوردیەکان و ناوەندە مەدەنیەکان کۆڕێکی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانەکانی ڕێبەری بزووتنەوەی جەماوەری نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو

لەو ڕێ و ڕەسمە دا بنەماڵەی بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین لە ڕێگای پەیامێک کە کچێکی مامۆستا بە ناوی شیرین حوسەینی خوێندیەوە، سپاسی خۆیان ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان و هەموو پارت و لایەنە سیاسی و مەدەنیەکان کرد بە هۆی پشتیوانی و ڕێزگرتنیان لە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی. دواتر ژمارەیەک کەسایەتی و حیزب و ناوەند پەیامەکانی خۆیان خوێندەوە و جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی ڕێبەرێکی تایبەتی بووە لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردان.

بە گشتی هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتیەکان باسیان لەوە کرد کە مامۆستا کەسێکی سیکۆلار بووە کە پڕوای بە جودایی دین لە سیاسەت و ئازادی ژنان و ئازادی نەتەوەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلانی بندەست و بەتایبەت گەلی کورد هەبووە. هەروەها مامۆستا شێخ عیزەدین لە دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک و لە سەرروویانەوە چەوسانەوەی ئابووری بووە، و باوەڕمەند بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

هەروەها ژمارێک لە بەشداران لە پەیامەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بەوە کرد کە مامۆستایان کەسێک بوو کە نەتەوەیی و کوردستانی بیری کردووەتەوە و خەمخۆری گەلی کورد بووە هەموو بەشەکانی کوردستانی (باکور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستان) بە نیشتمانی کورد زانیوە. باس لەوەش کرا کە مامۆستا هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە " ژ.ک" بەو بیرە نەتەوەییە خەباتی دەست پێکردووە و هەتا کۆتایی ژیانیشی وەک یادگارێکی ژێکاف، پابەند بە زیندوو کردنەوەی پەیمانێکی لە چەشنی پەیمانی سێ سنوور بووە کە لە نێو هەموو کوردانی هەر چوار بەشی کوردستانی داگیرکراو.

بەشیک لە ئامادەبوان بیرەوەری خۆیان لە مامۆستا باسکرد و باسیان لەوەش کرد کە مامۆستا شێخ عیزەدین هەر لە سەرەتاوە ڕاستی کۆماری ئیسلامی ناسی و زانیبووی کە ئەو دەوڵەتە قەسدی ئەوەی نییە کە ماف بدات بە کوردان و بەڵکوو بە ئامانجی خۆ تەیار کردن بۆ شەڕ و جەهاد و کوشتار لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە خومەینی بەتەما بوە گەمە بە کوردان بکات. ناسینی ڕاستی و دەروونی دوژمنان، یەکێک بووە لە تایبەتمەندیەکانی ئەو ڕێبەرە کە وەک خاڵێکی گرینگ باسی لێوە کرا.

لە نێو بەرنامەکە دا هونەرمەندی بە هەڵوێست و نەتەوەیی کورد " ناسر ڕەزازی" هاتە سەر سەکۆ و یەکێک لەو گۆرانیانەی کە مامۆستا شێخ عیزەدین هەموو کاتێک حەزی لێ کردووە بە ناوی " قیبلەکەم شاری سنەی سەربەرزم"ی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد. دوای خوێندنەوەی چەندین پەیامی دیکە لە لایەن ئەندامانی هەموو لایەنەکانی کۆمەلە و دیمۆکرات و خەبات و حیزبەکانی تر، "سینە ویزیۆنێک" لە لایەن پارتی ژیانی ئازادی کوردستان "پەژاک" نیشان درا و نوێنەر و ئەندامی کۆردیناسیۆنی پەژاک "ڕێزان جاوید" کە لە قەندیل قسەی دەکرد، سەرەخۆشی خۆی ڕاگەیاند و مردن لە تەبعیدی مامۆستا شێخ عیزەدینی وەک شەهید بوون ناوزەد کرد. لە کۆتاییش دا سینەویزیۆنێک لە وێنە و فیلم و قسەکانی مامۆستا شێخ عیزەدین بڵاو کرایەوە. قسەکانی مامۆستا لەو سینەویزیۆنە دا بەوە کۆتایی پێ دەهات کە : "ڕێگومان گەلی کورد ڕۆژێک بە ئازادی دەگات".

ڕێ و ڕەسمەکە لە کاتژمێر ۱ تا نزیکەی شەشی ئێوارەی خایاند و بە وتەی هێندێک کەس زیادتر لە هەزار کەس لەو ڕێ و ڕەسمە دا بەشداریان هەبوو. جێی ئاماژەیە کە بڕیارە تەرمی مامۆستا لە باشووری کوردستان بە خاک بسپێردرێت و بنەماڵەکەی ڕایانگەیاند کە ئەوان بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان ئامادەکاری بۆ ئەو کارە دەکەن.

وێنەکانی ئەو ڕێورەسمە شکۆدارە دەتوانن لە خوارەوە ببینن:









